# لە یادی کارەساتی قاڕنێدا : نمایندی کۆماری ئیسلامی ئێران شەرمەزار کرا

ڕۆژی هەینی 2ی سەپتەمبەر هاوکاتە لەگەڵ یادی 26 ساڵەی کارەساتی جەرگبڕی قاڕنێ . لە کاتێکدا نمایندەی باڵوێزخانەی ئێران لە دانیشتنی دادگاییکردنی فرانس ڤان ئەنرات لە دادگای لاهای بەشداری کرد , لە کاتی دەرچوونە دەرەوەیدا , کەوتە بەر ناڕەزایەتی خۆپیشاندەران بەرامبەر بە تاوانی شەهیدکردنی شوانەی سەید قادر و کارەساتی قاڕنێ , بە ئامادە بوونی دەزگای هەواڵنێری ڕۆیتەر , کە فلیمی ناڕەزایەتییەکەی گرت کە چۆن نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی لە ترسی خۆپیشاندەران هەڵهاتن .

هاوکات دوای تەواو بوونی دادگا لە کاتێکدا ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتیان وێنەی شەهید شوانەو شەهیدانی دیکەی کوردستانی خۆرهەڵاتیان بەرز کردبووەوە , نوێنەرانی کۆماری ئیسلامی نەیان وێرا دەرچنە دەرەوە , وەک پیشەی کۆنیان خۆیان لەناو دادگا مەڵاس دا. تا دوو کاتژمێر دوای تەواو بوونی دادگاکە نەیان وێرا دەرچنە دەرەوە.

بەم شێوەیە هەوڵی کۆماری ئیسلامی بۆ ئەوەی بۆردومانکردنی شاری سەردەشت بە قازانجی خۆی تەواو کات پوچەڵکرایەوە .

لە کاتێکدا کۆماری ئیسلامی ئێران لە کوردستانی خۆرهەڵات کۆمەڵکوژی دەکات , لەم لاوە دەیەوێت خۆی بە نوێنەری خەڵکی شاری سەردەشت نیشان بدات , کە هێشتا کفنی قوربانییانی ڕاپەڕینی شاری سەردەشت زەرد نەبووە .

هاوکات بەڕێزان مسەفا بەهمەنی و محەمەد هەرکی و کاک سالار سێ چالاکڤانی سیاسی خۆرهەڵات , هەلومەجی ئێستای خۆرهەڵاتی کوردستان و کارەساتی قاڕنێیان بۆ تەلەفزیۆنی ڕۆیتەر باسکرد لە چاوپێکەوتنەکانییاندا .

## ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد-چاک

**2005-9-2**


[www.chak.info](http://www.chak.info)
[chak_org@yahoo.com](mailto:chak_org@yahoo.com)


IRAN